www.kurdistannet.org
11-12-2006 11:14بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## گەنجێکی ئەفغانستان.. سێ ساڵە لە زیندانەکانی کوردستانە.... راپۆرت / رزگار کۆچەر

ئەوەندە پەشۆکابوو هەردەم دەستەکانی لەیەك دەدا دەیویست قسەمان زۆر بۆ بکات بەلام ئەو هەردەم دەیوست بلیت من تاوانم نیە بەڵام خۆشم نازانم چۆن هاتمە ناو وڵاتی ئێوە، عەلی رەزا عبدالحمید لە دایك بووی سالی 1982 ئەفغانستانە ولایەتی خەزنی والی جابولی ئەبو ردە ماوەی سی سال دەبێت لە بەندیخانە جیا جیاکانی کوردستان بە تومەتی سنور بەزاندان ژیان بەسەر دەبات..
عەلی دەڵێت ئەو کاتەی بریاری سەفەرکردنم دا ئەوندە منداڵ بووم تەنانەت لە گوندەکەمان زیاتر هیچ شوێنی ترم نەدیبوو، ئەو کاتەش باوکم وخوشك وبراکانم زۆر بۆم گریانکە گوتم دەرۆم، ئەو رۆژەی رۆشتین لە گوندەکەمان ئێمە چەند برادەرێکی یەکتریگوندەکەی خۆمان بووین لەبەر هەژاری و نەبوونی و بارودۆخی ئالۆزی ناو ئەفغانستان و حوکمی تالیبان بریارمان دا سەفەر بکەین، عەلی دەلێت تا نەگیشتبوینە ئێران نەمان دەزانی کارەبا هەیە چونکە ئێمە تەنها لە پێش چرا شەوی تاریکمان روناك دەکردەوە، عەلی لەلایەکی تر دەلێت هۆکار زۆر بوو بۆ ئەوەی ئیمە وڵاتی خۆمان جی بهێلین بەڵام لەو کاتەی تالیبان هاتە سەردەسەلات ئێمە زیاتر بارودۆخمان تێك چوو تەنانەت گوندەکەی ئێمە کە هەرهەموو خەڵکەکەی شیعە مەزهەبن لە ژیانێکی وا بووین ئێستا گێرانەوەی لام ناخۆشترین کابوسە، عەلی پاشان باس لەو کاتە دەکات کە بە قاچاغ گەیشتونەتە ئێران بۆیە لای عەلی ئەو کاتنە دۆزینەوەی ژیان وکەش و هاوەیەکی تازە بوە چونکە لە ئێران وەك عەلی ئاماژە بەوە دەکات کە توانی کاربکات و برێك پارەش کۆبکاتەوە هەرچەندە ئەو ماوە زۆرەی لە ئێران ماوەتەوە هەر خەریکی کارکرنی بووە لە کورە وکاری کرێکاری بەلام ئەوە سەربەرزیبوە بۆ عەلی چونکە وەك خۆی دەڵَێت توانیم هاوکاری خوشك وبراکانم بکەم، لەپاشان عەلی دێتە سەر ئەو کاتەی کە لە ئێران ویستی بجێتە ئەورپا هەر بۆیە دەلێت ئێمە چەند کەسێك بووین و بە هاوکاری کەسێکی ئێرانی لە سنوری مەهران هاتینە ناو خاکی عێراق هەرچەندە عەلی دەلێت ئێمە نەمان دەزانی ئەو دەمان هێنێتە عێراق بەڵام کە لە سنور بەرینەوەو بۆ ماوەیەك لەگەل کەسێکی عێراقی جوینە شاری کەربەلا لەو کاتەش ئێمەیان لە ژورێکی مالێك دانا عەلی باسی ژمارەی ئەو کەسانە دەکات کە لە کەربەلا لەگەلی بوون ئەو دەلێت ئیمە ژمارەمان لە بیست کەس زیاتر بوو کە زۆربەیان ئێرانی بوون ولەگەل کەسێکی ئەفغانی هەر بۆیە پاش ئەوەی ئێمە ماوەیەك لەم ماڵە ماینەوە هەمان کابرا ئێمەی سواری ئۆتۆمبێلێك کردوو بۆ ماوەی زیاتر لە 16 کاتژمێر ئێمەیان گەیاندە زاخۆ ئەو دەلێت ئێمە نەمان دەزانی ئەو شوێنەی لەێین زاخۆیە بەڵکو کابیرا وای لە ئێمە گەیاندبوو کە ئەو شوێنە تورکیایە، هەربۆیە عەلی دەلێت پاش ماوەیەکی کەم مانەوە لە زاخۆ ئێمە لە ئاسایش دەستگیر کراین، دوایش عەلی باس لەم رۆژانە دەکات کە لە زیندانە عەلی دەلێت من نازانم ئەوانەی لەگەڵم بوون بۆ ئازادبوون بۆ من ئازاد نەبووم، لەلایەکی تر عەلی دەلێت ئەوە زیاتر لە سی ساڵە لە بەندیخانەم تەنها لەبەر ئەوەی سنورم بەزندوە هەرچەندە عەلی پی ی وایە لە زیندان بە واسیتەی ئەو کوردانەی لەگەلی بەندین فێری زۆرشت بوە وەك خۆی ئاماژە پی ی دەکات کە دەڵێت من لە بەندیخانە جل دەشۆم و کاری دەستی دەکەم هەر بۆیە ئێستا زیاتر لە 6 سەد دۆلارم کۆکردۆتەوە بۆ ئەوەی بتوانم ئەگەر رۆژێك لە زیندان دەربچم ئەوا بەم برە پاریەی کۆم کردۆتەوە بگەرێمەوە وڵاتەکەم و لەلایەکی تر عەلی ئاماژە بە مالەوەیان دەکات ودەلێت ئەوان وایان زانی بوو من مردووم بۆیە لێرە عەلی دەڵێت دەمەوێت ئاماژە بەشتێك بکەم کە ئەویش دەمەوێت زۆرر سوپاسی ئەو کەسانە بکەم لە زیندان توانیان لە رێگای خاجی سوری نێو دەوڵەتی سی نامەم بۆ ماڵەوە بگەێنن و ماڵەوەش بەهەمان شێوە وەڵامی نامەکانی منیان داوەتەوە چونکە ئەو کاتە

لای من خۆشترین کات بوە کە هەواڵی ماڵەوەم زانیوە، لە جیگ‌َایەکی تر عەلی باس لە لەو کەسانەدەکات کە لە هۆلی زیندان لەگەلین ئەو دەلێت بێجگە لە چەند کەسێکی کورد ئەوا هەندێك عەربیشم لەگەلە لە زیندان بەڵام بە زۆری حەز دەکەم لەگەل کوردەکان ژیانی رۆژانە بگوزەرێنم چونکە ئەوان زۆر هاوکاریم دەکەن تەنانەت هاوەبەشیم دەکەن لە خواردن و لە زۆر شتی تر، لە کۆتایش عەلی ئاماژە بەوەدەکات کە ئەو بی تاوانە بی توانیەکەشی لەوەیە کە ئەو نەی زانیوە ئەو سنورەی داخلی بوە سنوری کوردستانە بۆیە لە کۆتای داواکارە ئەگەر ئازاد بوو ئەوا تکای لە دەسەلاتی بەندیخانەو حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە رێگای خاجی سوری نێو نەتەویی یان بگرێندریتەوە وڵاتەکەی یان رەوانەی ولاتێکی تر بکرێت...